## هەرجارەو بابەتێك



ئەندازیار / دڵشاد بەكر صاڵح

# چاكەو خراپە لە بەراوردێكدا

سەرگوزشتەو ڕوداوەكانی ئەم جیهانە ئەوە ندە زۆر كۆنەو پەرەدار هەروەك دەریایەكی بێبن و كەنار ،كەبۆ كەس ناسووتی و نەناسراوە بەڵام هەندێ جار ڕوداوی واڕوئەدەن كە مێژوو ناتوانێ بیانشارێتەوە وە لە بیری خەڵك ناچێتەوە وا ڕێدەكەوێت ئەو ڕوداوانە بەباری چاكی و خۆشیا گرنگن ،هیواش هەیە لەبەر ناخۆشی و نالەباریانا كە لەبیری خەڵك ناچنەوە دیارە ڕوداو دوو جۆر هەیە دەست كردی دەست مرۆڤ خۆیەتی هەمیشە لەدەست ئەودا نیە بەدەست سروشتە ،ناخۆشەكان وەك بومەلەرزە ،لافاو ووشكەساڵ و هەزاران بەڵاو ڕوداوی گرنگ یان ڕوداوی خۆشی وەك ساڵەباران و ساڵە پیت و بەبەرەكەتی زەویوزاریان ئەم هەموو كانگاو بەرهەم و نیعمەتانەی كەلەم جیهانەدایەو مرۆڤ بۆ سوودی خۆی كەڵكیان لێوەردەگرت

بەشی دوەمی ڕوداوەكان : دەسكردی مرۆڤن و سەرچاوەیان ناخی مرۆڤەو كەلێوە هەڵدەقوڵێت كە لێرەدا ئەبنە دوو بەشەوە بەشی چاكەو بەشی خراپە واتە بەشی خزمەت بە مرۆڤ و مرۆڤایەتی و كەڵك گەیاندن بۆ ئاوەدانكردنەوە ،بەشی خراپ ئەویش دژایەتی بۆ مرۆڤ و زیانگەیاندنە بە مرۆڤایەتی هەوڵدانە بۆ وێرانكاری .

كەواتە بابەهەموومان چاكەو خزمەت بە مرۆڤ و ئاوەدانكردنەوە هەڵبژێرین چونكە وێرانكاری كارێكی ئاسانە ،باخێك لایەنی كەم چەند ساڵێكی دەوێت تابكرێتە باخ و بەرهەمبدات بەڵام بەیەك ڕۆژ ئەتوانرێت وێران بكرێت و شوێنەواریشی نەمێنێت بابەهەمووماں قۆڵی لێهەڵماڵین و بەهاوكاری یەكتری بتوانین شارەكەمان ئاوەدان بكەینەوەو جوانی بكەین .

ئێمە وەك شارەوانی ڕانیە ئامادەین بۆ بەدەنگە وەهاتنی سەرجەم داوای هاوڵاتیان وەهەر پێشنیارێك كە بكرێت بۆ ئاوەدانی و جوانی شار وە هەوڵ بدەین لێی بكۆڵینەوەو شتە چاكەكانی كەبەكەڵكی شارو سودی هەیە بۆ مرۆڤ هەڵبژێرین هەرگیز لە پێشنیارو داواكاریەكانتان دڵگران نابین و بە هەموو سنگێكی فراوانەوە وەریان دەگرین كە لە زۆر شت ئێمە دركی پێناكەین ولێی بێئاگاین بە ئاگامان بێنەوە ئیتر چاوەڕوانی هەوڵ و هیمەتی هەموولایەكین لەپێناو چاك كردن و جوانكردن و خاوێنكردنەوەی شارەكەمان .